زناك

محەمەد رەنجاو

پایتەختی هونەر

کاتێ فەلەکەدین کاکەیی پێشنیارێکی ئاوا دەخاتە ڕوو ئەوا ئەو ڕەوشە نوێ یەی لەبیر دەچێت کەدوای دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوو خۆی سەپاندوە بەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری خەڵکی کوردستان دا ، ئەو قسە لەهەلومەرجێکی مێژویی دەکا ، کەئەم سەردەمەی ئێمە دەمێکە بەجێیهێشتوە ، ئەم سەردەمەی ئێمەش گوێ ڕایەڵ و چاو لەدواوەی سەردەمەکانی پێشونیەو ، شاری ڕۆشنبیری و هونەری لەهەر وڵاتێکدا واقیعی باو دەیسەپێنێ نەك خەونە ڕۆمانسیەکانی ڕابردو ، کاتێ عەقڵ قسە دەکا ، سۆزو ئەندێشەکانی ڕۆمانسیەت بۆتاوێکیش بێ وچان دەدەن ، بەڵام فەلەکەدین کاکەیی چونکە زۆر پابەندە بەڕابردوو نایەوێ بۆ تاوێکیش بێ لێ ی دابڕن خەونەکانی ئەم وچانە دەکاتە زیندە خەون و لەخەوی غەفڵەت قەتیسیان دەکا ، ئەگینا ئەو بەچ مەنتیق و ڕەهەندێك دەیەوێ ڕایەك بسەپێنێ کەدەبوو نیوسەدە لەمەو بەر بسەپایەو ئەم ڕەهەندەش بۆ نیوسەدە بەردەوام دەبو ،

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم ئەو ڕاو بۆچون و پێشنیارەی فەلەکەدین کاکەیی یە کەدەیەوێ وەك پێشنیارێك بیخاتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان تا شاری سلێمانی ببێتە پایتەختی ڕۆشنبیری و هونەر ، من لێتان ناشارمەوە تاساڵی ١٩٩٠ یش لەژیانمدا هەولێرم نەبینیبوو خوێندنیشم هەر لەسلێمانی بوەو سەرەتاو پێگەیشتویی ڕوناکبیریشم هەر لەسلێمانی بوە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ من ببمە کوێڵەی ڕابردوو چونکە ڕابردوو ڕای کردوو ، ئەشێ هەولێ ئەوە بەین فریای ئایندە بکەوین .

ئێستا سلێمانی لەقەیراناویترین ڕەوشی ڕوناکبیریدا دەژیت ، تا ئێستا یەکێتی نوسەران نیە تائێستا هونەرمەندانی ئەم شارە گومانیان هەیە لەبونی ڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان .

مەعالیمەکانی هونەری کوردی ئەمڕۆ زەکەریاو زیاد ئەسعەد و کامەران ڕەئوف و محمدی عارف چەند کەسێکی ترن کەهیچیان نە سلێمانین نە لە سلێمانیش دەژین ، کەواتە بۆچی سلێمانی بکرێ بە پایتەختی هونەر

ئەم ڕاوبۆچونەی فەلەکەدین کاکەیی پەلوپڕوزێ ی پێوە دیارەو ئەو مانی ئەوەی نیە بڕیار لەسەر ئەوە بدات چ شارێك بکرێتە شاری هونەر ، چونکە پایتەختی هونەر ، شاری مۆدێل و ستریچ و ئەتەکێتێ ئەورووپی نیە ، پایتەختی هونەر ، پێگەی کۆکردنەوەی هونەرو چالاکیە هونەریەکان و فیستیڤاڵە جیهانیەکانی هونەرە ، بەڵام ئەمانە ئێستا هیچیان لەم شارەدا بونیان هەیە .

نزایەك . . بۆ بەردەم خودا

ئەحلام مەنسور

هێندە ڕقاوی نیم ڕەش بم، هێندەش ساریلکە نیم لەخۆڕا بگریم، کەتوورە دەبم بەدەسەڵاتدا دەتەقمەوە، پێنوسەکەشم دەبێتە موشەك و ڕووی نارەزایی خۆی ئاڕاستە دەکات، دڵۆپەکانی خوێنم دەڕوێشن‌و زیکر بۆ نیشتمان دەکەن، چاوێلکەکەم دەبێتە ئاوێنە و دونیای جوانی تێدا دەبینم، پێستم دەبێتە ڕەشماڵ و گەلان لەژێریدا نان دەخۆن، سۆمای چارەکانم دەبنە ئینتەرنێت و هەواڵەکانی دونیا دەکەنە چوکلێتی منداڵان، ڕۆحم ئاوارە نییە ، نەخێر، ڕۆحم ئاسمانی زیندانەو هەموو زیندانییەکان شەوانە بۆنی ئەستێرەی وشەکانم دەکەن، بارانێکم هەموو ئێوارەیەك غەزەب دەبارێنمە سەر شەیتانەکان، برژانگەکانم ماسکاریان ناوێ، لۆکەن بۆ بڕینی چەپڕەوەکان. لاپەڕەکانم دڵداری لەگەڵ ڕیتمی دەفی سۆفیەکاندا دەکەن، هاوڕێیەکم گۆڕستانی فەیلەسوف و ئەدەب و زانار هونەرمەندان ئاردێر دەکەم، هەورم هەموو بەیانییەك شێر دەدەمە منداڵانی بێنەوا، گیا سەوزەم و ئاسمان خاکمە دەبمە گسك و داگیرکەران ڕادەماڵم، جەمسەرێکم برینەکانی کورد شەوانە دەملاوێننەوە و فڕێمدەدەنە نێو واقیعی دۆزەخستانی دەسەڵاتدارەکان، خۆم بەتەنها حیزبێکم، هیچ حیزبێکیش بەقەڵەکەمەکەم ناگۆڕمەوە، نازانم قژم بکەم بەچی؟ بیکەم بەکاروانی تەمەنی ئازادەکان؟ یان بیکەم بەقۆچی قوربانی؟ هەژارم بەڵام مێشکم دەوڵەمەندە.

دەڵێن" گیرفان پڕەکان مێشکیان پوچە" ئارازێکم بەرەبەیان لەدەرگای مزگەوت و کڵێسە دەدەم و تێکەڵ بەنوێژو تەراتیل دەبم، شنەبایەکم لەدەرگای قەیرە کچان دەدەم، چەپکێ گوڵم خۆم فڕێدەدەمە باوەشی نەخۆشەکان، گوڵێکم بەرەبەیان خۆم دەکەمە دڕك و دەچمە چاوی ئەو ستەمکارانەی دەستیان تاشانی خوێنە ، بمناسنەوە، جگەرەیەکم هەموو عاشقان دەمکێشن، ڕاستی و خەونم، نان و ئاوم ئەڵوەنە.

نەخڵەفارم، چرام و ئاگام لەدەستنووسە جوانەکانی نووسەرانە، ڕێگام بۆقاچی هەموو خوێندکارانی جیهان، وەسێت بێت دوای مردنم سییەکانم بکەنە تەختە ڕەشی منداڵان، لێفەکەشم بۆشەوانی ساردی ئاوارەکان.

حەزناکەم ڕادیۆ ڕەشەکەم هەواڵی ڕەشم بداتێ، گۆرانی سپیم لێبیسەنێتەوە، نامەوێ قسەی سیاسییە فێلبازەکان لەدەرگای ماڵەکەم بدات، حەزدەکەم هەواڵی بەختیاری کەمالیات بۆعەبەی دارتاش بەرێت، هەواڵی حەمەی کرێکار بۆ ئەحەی جوتیار بەرێت، وەك چۆن میللەتەکەم کورسی نییە، ئاوهاش خۆم کورسیم ناوێ، میللەتەکەم شەق لەکورسی دیکتاتۆر دەدەن، ئاوها شەقم لەکورسی کتێبخانەی زانستە مرۆڤایەتیەکاندا.

خودایە نوێژت بۆدەکەم...

نینۆکەکانم تیژتر بکە تادەمامکەکان بدڕێنم

چاوەکانم تیژتر بکە بادوژمنەکان شەرمەزار بکەم

تەمەنم درێژتر بکە با مەرگی چاوچنۆکەکان ببینم

زمانم بپارێزە با درۆزنەکان ڕوو ڕەش بکەم

خوێنم سوورترکە با تێکەڵ بەخوێنی ڕەشی جاسوسەکان نەبێت

کۆمان کەرەوە با شەیتان زەفەرمان پێنەبات

فرمێسکەکانم قەتیس مەکە با چاوم زەلیلی نامەردان نەبێت

خودایە لۆکەمان بۆ ببارێنە بۆ برینی سۆفیەکان

نوێژی من فەنتازیایەکە لەرۆحی مەلەك تاکێکم لەپڕ لەدایك بووم، هەر لەپڕیش دەمرم ....

قەسیدەیەك لە حزووری دووریتا

ئەمەوێت..
دەرگایەکی شیعر والاکەم
بە ڕووی هاتنی وەرزی بەفرا و
لە حزووری دەرکەوتنی تۆیا
درەختێك لەخۆشەویسی نەزر کەم
شۆخی ناکەم
چاوەڕوانی دەرکەوتنی
ئەو پۆست هێنەرەم
کە تەنها جارێك نامەیەکی بۆ نەهاوردم
هەر نەهات و
نایەت!!
تۆ بڵێی لە بیری بێت
ئەنگوستیلەیەکم بە دیاری بۆ بکڕێت و
دوو مەداڵیاش
لە موروووی شین
بۆ خۆم و خۆی
یا.. نامەیەکم بۆ بنووسێت
پڕ لەئەفسووسی درێژترین قەسیدەو
گەورەترین ئەشق و
دوورترین ئەستێرە؟!
ئای ئەزیزم
لەو ساتەوەپاشماوەی دوا سۆزم
ڕژانده بەرپێت و تۆش
وەنەوشەکانی پێدەشتی ماڵئاواییت بۆن کردم
تاپۆی تەنهاییەکی سارد
ئەمترسێنێ
غەم..
غەم هەرغەمە و ئازاریش هەر ئازار
لێرە ڕەنگەکان نامۆن بە بینین و
دەستەکان لەحەنینی گرتنێکا سرەوت ناگرن

ئەمەوێت
کۆڵی شانم
لەسەر شۆستەکانی غوربەت فڕێدەم و
لەگەڵ تروسکەی دوا دیمەنی ساڵی پارا
خۆم بکەیەنمە مەملەکەتێکی سەرمەدی
تا لەوێ تۆ بدۆزمەوە و
لە باوەشتا پشووی ئەم سەفەرە بدەم.
ساڵی تازە وا خەریکە
پەنجەی ئەگاتە زەنگی دەرگاکەم و
غەم بە دیواری ژوورەکەما هەڵئەواسێت
ئەو نازانێت
ساڵانێکە..
پەنجەرەکەم چۆڵە و
ماڵەکەشم بۆنی حوزنێکی خۆڵەمێشیی گرتووە
ساڵێکی نوێ!
چ ساڵێك و
چی نوێ ئەبێتەوە؟!
خۆ من هێشتا نە شیرینیم کڕیوە و
نە میزەڵدانی سپی
جەستەشم لەت لەت نەکردووە
تا هەڵیواسم بەداری میلادی
دوا شەوی ساڵتا
لە بیرتە..!؟
چەن خۆزگەم بەو ئەستێرانە ئەخواست
شەوێکی هاوین خۆیان ئەنایە باخەڵت و
سەربانەکەتیان پڕ ئەکرد لە ورشە
حەسوودیشم بەو ئاوێنەیە ئەبرد
کەپێش دەرکەوتنت
دوا سەرنجی نیگاکانت تێئەگرت و

بۆنی عەترێکی مەستت ئەپرژان
لە ڕۆحی دوورم؟!
شۆخیم لەگەل مەکە
بێڵەبا.. باڵی غەمەکانمان باڵبگرن و
بیانسپێرین بەپشیلە پاییزە
تا دوور.. دوور بیانبات
بەرەو ئەو پەرستگایانەی
پڕن لەخوای دەستکرد،
ئەی بۆ نایەی
دوا شەوی ئەمساڵ
بە دەستی خۆت
ئەو ڕەنگی فیراقە لەسەر پەنجەرەکەم
بسڕیتەوەو
ڕستێ میزەڵدانی سپی هەڵواسی
بە دیوی ناوەوەی هەناسەیەکما
تا بۆنی پەنجەکانت بگرێت!
وەرە..
وەرەبا هێندە بچووك ببینەوە
تا کەپرێك لەسەر مژۆڵەکانی گوڵە بەیبوونێك
هەڵبەستین و بەئاستەم
لە گۆناکانی بۆڵێ ترێ
خۆمان مەست بکەین،
ڕستێك موروووی شینیش هەڵواسین
بە دیمەنی ئامبازبوونی سێبەرمانا
نەبا لەچاو بچین!
وەرە..
وەرە با شێرو خەتێك بکەین
من ئەڵێم خەونەو
تۆ مەڵێ ڕاستی یە!
ئاخر ئەزیزم..
ئێوارەیەك وەك دوو زیخە شینکە
لە ژێر شڵێوەی بارینێکدا
بووبووینە دوو چیرۆك و
یەکمان ئەخوێندەوە،
نە سەرما بە دەستەکانمانا گوزەری ئەکردو
نە تەڕیش ئەبووین،

ئیدی کامە ڕاستی..؟
ئای..
ئای لە سۆزشی ئەم برینەی
ئاواقی دڵم ئەکێڵێ و
ئەو یادەوەرییانەی
سیواق دراون بە غەمێك وەك ڕوخسارم
دە وەرە..
وەرەو وەکو پووشێکی نێو پەرێزی
ئەم دوورگەیە
بە سەر بەردەبازی نیگاکانما بپەڕێرەوەو
بەرەو هەڵەمووتی ڕۆحم وەرە
وەرە و لەناو پەپوولەکانی خۆشنودیما
سرەوت بگرە
ئای ئەزیزم
من ئەمەوێت دوا شەوی سەری ساڵ
موحیبەتی تۆ بکەمە بازووبەندم و
ببمە سەفیری نەغمەکانی
شیعرێکی غەزەل
تۆش.. باڵێنی پەڵەهەورێك
ئاوس بەئاونگ و
ئەستێرەیەك تژی لەماچ..
زۆر ئەترسم
تۆ نەگەیت و
ئەمساڵیش وەك ساڵانی ڕابوردوو
هەتا دوا چرکە گیانی لەدەست بداو
من
دەنك.. دەنك
فرمێسك نەنێمە
سەر لەپی دەستەکانت و
هەروا
قەسیدە بۆ تەنهایی بخوێنمەوە..!

• •

١٥- ١٢ - ٢-٦
Kazal_8@hotmail.com

تاران لە دیدارێکی هەفتەییدا -٨-

تاران پیرێکی جوانە

کەریم کاکە

من بەردەوام گرنگیم بە قسە و بۆچوونی شوفێر تەکسیەکان دەدا ، لە منداڵیەوە بیستبووم بۆ ئەوەی لە گرفتەکانی شارێك تێبگەیت پێویستە گوێ لە شوفێری تەکسیەکان رابگریت، چونکە هیچ کێشە و گرفتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و .. نیە کە شوفێری تەکسیەکان شتێکی لێ نەزانن، جگە لەوەش بە پێی ئەزموونی خۆم شوفێری تەکسی لەو بارەیەوە نەترسە و قسە دەکات، ڕەنگە ئەو نەترسییەی لە بێزاریەوە هاتبێت، وەك دەڵێن شوفێری تەکسی زۆر لە پیشەکەی خۆی بێزارە، بەڵام ناشتوانێت وا بە سانایی وازی لێبهێنێت..

من دەچومە هەر تەکسیەکەوە، بمدیتبا شوفێر لە تەمەنێکی وایە سەردەمی شای باش لە بیرە، پرسیارەکەی خۆم دەکرد ، ئەو پرسیارەی دەبوو بکرێت: جیاوازیی نێوان ئێستاو سەردەمی شا چیە؟ بە بۆچوونی تۆ ئێستا یان ئەو دەم خۆشترە؟

لە هیچ شوفێرێکم گوێ لێنەبوو سەردەمی شای لە هی ئێستا لا خۆشتربێت، بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە من چەند جار ئەو پرسیارەم کردووە، دەبێت بزانین لە ماوەی ئەو حەفت شەوەی لە تاران بووم بەلای کەمی لە هەر بیست و چوار کاتژمێرێکدا چوار هەتا پێنج کەرەت من کارم بە تەکسی هەبووە، وا ڕێکیش کەوتووە زۆربەی هەرەزۆری جارەکان شوفێرەکە لەو تەمەنەدا بووە کە سەردەمی شای لە بیر بووە..گەنجەکانیش لە ئێستا بێزار بوون، یەکێ لە شوفێرە گەنجەکان گوتی:

-نەوەی کۆماری ئیسلامی بێ بەشترین نەوەیە لە هەموو مێژووی ئێراندا..

-ئەم قسەیە زێدەڕۆیی تێدا نییە؟

-نەخێر، تۆ ئاگات لە گرفتەکانی گەنجی ئێرانی نیە.. دەزانی هەتا ئێستا سەتەلایت قاچاخە؟!

عەسرانێك سواری تەکسیەك بووین بەرەو پارکی میللەت، شوفێرە کە زانی من ئێرانی نیم زۆر خانەدانانە بەخێرهاتنی کردم بۆ تاران، بەخێر هاتنەکەی زۆر گەرم و گوڕ بوو: بە خێر هاتی بۆ شاری تاران... وام هەستکرد تاران ماڵێکە و ئەو پیاوە ڕووخۆشەش خاوەن ماڵە و بە ڕێزەوە مێواندارایم دەکات.. گوتی:

-ئێوە تاران چۆن دەبینن؟

-لە بەر ئەوەی چەند جێگەیەکی کەمی تارانم دیوە، ناتوانم ..

-بایی ئەوە دەتوانی قسەیەکی لێبکەیت

-شارێکی جوان و خاوێن دیارە..

-بەڵام هەست ناکەیت پیرە زۆریش پیرە؟

-هێندەی من دیومە ڕەنگە پیرایەتیی پێوە دیار بێت، ئەگەر مەبەستت لە پیری ئەوە بێت کە باڵەخانە و دیوار و شۆستەکانی کۆنن و پێویستیان بە نوێکردنەوەیە؟

-ئا ئەوەم مەبەستە.. بە گشتی تاران پیرە..هەمووی پیرە بە باڵەخانە و ڕێگەو بانییەوە، بە شۆستە و دیواریەوە، بە جێگەی پەڕینەوە و بە پردیەوە، بە دار و دار تێلیەوە.. ئەها تەماشای ئەو درەختانە بکە..

منداڵانە و تامەزرۆیانە سەیری درەختەکانی دەو جادەم کرد ، سەرم بەرزتر کردەوە سەیری ئەو دارستانە چڕم کرد کە وابزانم پارکی جەنگەلی بوو.. جوان دیار بوون، چێژم لە دیتنیان وەرگرت.. گوتم:

-دارو باری جوانن.

-من نالێم جوان نین، دەڵێم پیرن، دە جوان تەماشایان بکە بزانە درەختەکان چەند پیرن، درەخت پیر بوون ئاساییە، بەڵام ئەگەر لە تەنیشت درەختێکی پیر نەمامێکت نەدی ئەوە ئاسایی نییە... سەیری ئەو شۆستە و کاشیانە بکە چەند کۆنن، دەزانی هی چ سەردەمێکن، ئەها چەند پیرن! ئەو باڵەخانانە هێند کۆنن تەمەنی ئەو چیایانەیان هەیە و نوێ ناکرێنەوە..

-ئەدی لە لاپەڕگەکانی شار باڵەخانەی نوێ درووست ناکرێ؟!

-ئەوە هیچ نییە، بۆ تاران هیچ نییە، ئەوەی بۆ تاران کراوە هەموری هی سەردەمی شایە.لە دوای ڕووخانی شا هیچ بۆ تاران نەکراوە، خەڵکی تاران بە هیچ جۆرێك قەرداری کۆماری ئیسلامی نین، من لە تۆ دەپرسم چ کراوە؟؟

-بە ڕاستی من شارەزا نیم، هێشتا باش نەگەڕاوم

-جوان بگەڕێ، یەك ساڵ لەو تارانە بگەڕێ، جگە لە پیرێتی تاران هیچ نابینیەوە، لە هەر درەختێك بپرسی تەمەنت چەندە؟ دەڵێت کە شا هەڵات من هەراش بووم..

-تۆ شاعیرانە قسە دەکەیت..

-من دەبوومە شاعیر بەس خەفەتی پیربوونی تاران دەستی گرتووم.. بەردەوام شیعر دەخوێنمەوە..

-شیعری کێ زیاتر؟

-شاعیری دیاریکراوم نییە ، شیعری جوان دەخوێنمەوە ڕەنگە لە هەمووان پتر شاملۆ بخوێنمەوە، تاران خۆیشی شیعرە.. ئەو شارە پیرێکی جوانە.. پێویستی بە گەنجبوونەوە هەیە.. ئەو کۆماری ئیسلامیە ئەو تارانەی پیرکرد ، تۆ ئەوەندەی گەڕای لە چەند شوێن دەستی نۆژەنکردنەوەت دیوە؟

-ئەها ئەوەتە وا ئەو شۆستەیە چاك دەکەنەوە شۆستەی پێش پارکی میللەت ئیشی لێدەکرا، پێدەچوو کاشی ڕێژی بکەن

-بێجگە لێرە لە چەند جێگەیدی ئەوەت دیت؟ ئەوە و سەدانی وەك ئەوەش بۆ تارانێکی وەها گەورە هیچ نییە، تاران بەو تیفتیفانە گەنج نابێتەوە

-باشە..

-با پێت بڵێم کۆماری ئیسلامی بەس یەك کاری کردووە و بەردەوامیش دەیکار لێشی ماندوو نابێت ئەویش کردنەوەی زیندان لە دوای زیندانە..

ویستم شتێك بڵێم، ئێستا لە بیرم نەماوە دەمویست چ بڵێم.. گوتی:

-فەرموو لێرەوە بۆ پارکی میللەت کە جوانترین پارکی تارانە ، بەڵام ئاگادار بە ئەویش پیرە!

-وا دیارە تۆ تارانت زۆر خۆشدەوێت، خۆشە مرۆڤ بەو شێوەیە شاری خۆی خۆشبوێت.

-ڕەنگە...